# یاداشتەکەی کاك مەسعود بارزانی و خۆزگەیەك ...

ئازاد محمدامین سەلیم

ڕۆژی ٢٠٠٣. ٠٤. ١٨ بەڕێز مەسعود بارزانی یاداشتێکی ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندارەکانی سەر بە داهاتووی عێراق کرد. لەم یاداشتەدا بابەتێکی زیندووی گەلانی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی خستە بەردەستی ئەم لایانەو ڕای گشتی ئەویش دیاری کردنی سەروشوێنی بەدەیان هەزار مرۆڤ کە بەشی زۆریان کوردن.

لەکاتێکدا ئەم بانگەوازە لە کاتی خۆیەتی و لەو باوەڕەدام کەداخوازی خەڵکێکی فراوانە، بەلاّم لەهەمان کاتدا خۆزگەی ئەوەم خواست کە ئەم بانگەوازە (وە لەداهاتووشدا) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووبایە لەبەرئەوەی.

1. ئەم پەرلەمانە هەڵبژێردراوە و ئێستاکەش یەکگرتووەو وە زمانحاڵی کوردستانی عێراقە.
2. ئەکەر ئێمە خۆمان شەرعیەت بە پەرلەمانەکەمان نەدەین، چۆن چاوەڕێ بین خەڵکانی تر شەرعیەت بە پەرلەمانەکەمان بدەن!

**هانۆفەر – ئەڵمانیا**
azadsalim@yahoo. de

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.